# "دیسان تابووری پێنج"

**بەرزان هەستیار**

ئەڵمانیا

ل ەلای زۆربەی زۆرمان ئاشكرایە كەلەكاتی ڕاپەڕینە پرشكۆكەی ئاداری**١٩٩١**ی گەلەكەمان چەندین هەزار بەڵگە نامەی گرنگ و نهێنیی تۆقێنەر كەوتە بەردەستی كۆمەلانی خەڵكی كوردستان و حیزبە كوردییەكان، بەڵام ئەوەی جێی داخ و لە هەمان كاتیشدا سەرسوومان بوو ئەو بەڵگەنامەو نهێنییانە وەك پێویست كەڵكیان لێ وەرنەگیراو زۆربەشیان لەلایەن حیزبەكانەوە بەدەستی ئەنقەست دیزە بەدەرخۆنە كران، هەڵبەتە هەمووشمان هۆكەی ئەزانین و شاراوەش نییە كە لەناو ئەو بەڵگەنامانەدا نهێنیی دەست تێكەڵاوكردنی كەسانێكی وای تیا بوو لەگەڵ دام ودەزگاكانی حكومەتی بەعس دا كە لە ناو حیزبەكاندا شوێن و بەرپرسیارێتیی گرنگیان هەبووە دیارە ئەوەش نیشانەی پرسیاری گەورەی هەڵئەگرت، بۆیە حیزبەكان بەنیازی پاراستنی (قودسییەت!!) ی خۆیان بێ دەنگییان لە ئاست خستنە ڕووی ناوەكانیانا هەڵبژارد، بەڵام وا لە بەدبەختیی ئەوان جارێكی تر مێژوو خۆی دووبارە ئەكاتەوەو واش پێ ئەچێ ئەمجارەیان سەری گلۆڵەی نهێنییەكان هەر تەنها بەدەست ئەوانەوە نەبێت و نەتوانرێ بەو ئاسانییەی پێشوو نهێنییەكان گۆڕ غەریب بكرێن.

ئەوەتا قاو بڵاو بووەتەوە كە هێزەكانی ئەمریكا لیستێكی درێژی لە ناوی ئەو كەسانە كە بە تایبەتی لە هەردوو زل حیزبەكەدا پەیوەندی ترسناك و ژێراو ژێریان لەگەڵ دام ودەزگاكانی بەعسدا هەبووە داوەتە دەست یەكێتی و پارتیش بەو نیازەی ئاگادار بن و گوایە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بكەن. . . گەرچی چەند ڕۆژێك بەسەر ئەم مەسەلەیەدا تێپەریوەو هەندێ لەو ناوانە دزەیان كردووەو بەسەر دەمی خەڵكەوەن و دەنگەكەش وایە كەناوی كەسانێكی وا لە لیستەكەدا هەن كەلە ئاستی بەرپرسیارێتی گەورەدان چ لە حیزب و چ لە هەردوو حوكمەتەكەدا بەڵام تا ئێستاش هەردوو حیزب و هەردوو حكومەتیش خۆیان لێ نەكردووە بە خاوەن و بە ڕەسمیی و نا ڕەسمییش هیچ شتێكی ئەوتۆیان نەدركاندووە كەبۆنی ئەوەی لێ بێ كەنیازی هیچ كاردانەوەیەكیان هەبێت بەرامبەر ئەو كەسانە، هەڵبەتە گەر تەنها ئاوڕێكی كورت بدەینەوە ئەزانین كە ئەمە بە ڕاژەیەكی زۆر سەرسووڕمان هەڵناگرێ كە بزانین ئەم جۆرە هەڵوێستانە گەلێ جاری ترو لەبەر زۆر هۆی دزێوو قێزەون لەو حیزبانە بینراون و تاوانبارانی وا وەك بەرزەكی بانان بۆی دەرچوون كە هیچیان لەو جەللادانە كەمتر نەبووە كە لە ژووری ئیعداما پەتیان لە ملی ئەوانە توند ئەكرد كە ئەمانیان گەیاندە كورسییە زێرینەكانی ئەمڕۆیان.

كەسمان لارییمان لەوە نییە كە كەسانێكی زۆر دڵسۆز لە هەردوو حیزبەكەدا هەن و ڕۆژانێكی سەختی خەباتیان گوزەراندووەو چاوەڕێی ئەوەشیان نەكردووە (كە هەقیشیانە) خەڵات بكرێن و شتێ لە پاداشتی ئەو خەباتەیان پێ بدرێت، ئەمە نەك هەر لەگەڵیاندا نەكراوە بەڵكو بەهۆی ئەو مقۆ مقۆیەشەوە ڕەنگە ماندووبوون و ڕابووردووی هەندێكیشیان ببێتە مایەی گومان بەوەی كە ئەو ناوانەی كە بەسەردەمی خەڵكەوەن ڕەنگە كەسانێكی تیا بن كە دوورو نزیك پەیوەندییان بەو مەسەلەیەوە نەبێت و لە ئاونگ پاكتر بن و كەچی لەگەڵ كەسانێكدا ناویان بێت كە تا بینە قاقایان لە خیانەتا نقووم بووبێت و غەیری حیزبەكەیان كەسی تر ئاگادار نەبێت، جا تكا ئەكەم تا خومەكە تەواو نەشێواوەو پاك و پیس، شۆڕشگێرو خائین، دزو خاوەن ماڵ بەبێ ئاگایی تێكەڵاو نەبوون و كەس بە ناهەق ناوی نەزڕاوە دەستەكە كەشف كەن و جارێك، تەنها جارێك بەتەنگ داوای خەڵكەوە وەرن و هێندەی چاپووكن لەسەر بچووكترین ڕەخنە لێتان، بە جوملە دێنە وەڵام و یان بەناوی مەدەنییەتەوە بەردەركی دادگا لە خاوەن ڕەخنە بگرن، نیو ئەوەندەش غیرەت بدەنە خۆتان و پێش ئەوەی هێزەكانی

ئەمریکا ئەوەی ژێر بەرە بێننە سەر بەرە ئێوە خۆتان بە رۆحێکی وەرزشییەوە ئەو کارە بکەن، وا بزانم کەس داوایەکی مەحاڵی لێ نەکردوون، بەڵکو هەقێکی خۆمانەو ئەگەر بتانەوێ ئێوەش لەو مارە پەپکە خواردوانەی ماڵەکانتان ڕزگارتان ئەبێت، خۆ گەر هەر سوورن لەسەر پەردەپۆش کردنیان و ئەتانەوێ وەکو شێخ جەعفەروشێخ جەعفەرەکان مووڕووی غەیب ئاسا ونیان کەن ئەوە شتێکی ترەو خۆ گەر داوێنی خۆشتان هێندە بەپاک ئەزانن نوێژی لەسەر بکرێت ئەوا بەلێشاو هۆی ڕاگەیاندنتان لەبەر دەستایە وهیچ نەبێ بەئاشکرا ناڕاستیی ئەو دەنگ و باسە بخەنە ڕوو، بڵێن وانییەو ئەوانەی ئەو پڕوپاگەندانە بڵاوئەکەنەوە تابووری پێنجنننننننننننن!!!!!!

bhastiar@yahoo. de

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت